# ڕێڕەوی هەوا و هەناسەدانت لەکاتی بێهۆشی دا

یەکەم بەشی ئەم نامیلکەیە پێمان دەڵێت کە ڕێڕەوی هەوا چییە و بۆچی پزیشکانی سڕکەر پێویستە کۆنترۆڵی بکەن وە چۆن ئەمە ئەنجام بدەن لەکاتی سڕکردنت دا.

هەروەها ئەوەمان پێ دەڵێت کە چۆن پزیشکانی سڕکەر ڕێڕەوی هەوات پێش نەشتەرگەری هەڵدەسەنگێنن لە ئەگەری هەبوونی هەر کێشە و مەترسییەکی پەیوەندیدار بە کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی هەوا.

بەشی دووەم وردەکاری زیاتر ڕوون دەکاتەوە سەبارەت بەوەی کە چی ڕوودەدات ئەگەر کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی هەواکەت پێویستی بە پلان و ئامادەکاری زیاتر بێت .



## کۆنترۆڵکردنی ستانداردی ڕێڕەوی هەوا

### ڕێڕەوی هەوا

ڕێڕەوی هەوا یان دەرچەی هەناسەدان ئەو ڕێڕەوەیە کە هەوا دەگەیەنێت بە سیەکانت. کاتێک هەناسە دەدەیت، هەوا لەڕێگەی لوت و دەمتەوە دێتە ژوورەوە و بەناو دەنگەژێیەکان و بۆری هەوات دەڕوات بۆ گەیشتن بە سیەکانت. لەشت ئۆکسجینی پێویست لەم هەوایەوە وەردەگرێت.

لەماوەی بێهۆشیدا، گازە بێهۆشکاریەکان تێکەڵ بەم هەوایە دەکرێت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات بخەویت بەدرێژایی نەشتەرگەریەکە .

## بۆچی پێویستە پزیشکە سڕکەرەکان 'کۆنترۆڵ'ی ڕێڕەوی هەواکە بکەن لەکاتی بێهۆشکردن دا

هاوکات لەگەڵ پێدانی مادده سڕکەرەکەدا پزیشکە سڕکەرەکان بەرپرسیارن لە تەندروستیت لەماوەی نەشتەرگەریەکەدا. ئەمەش دڵنیابوونەوە دەگرێتەوە لەوەی سییەکانت بەردەوامبن لە وەرگرتنی ئۆکسجین لەکاتێکدا تۆ بێهۆشکراویت.

ئەمەش بەتایبەت لەکاتی سڕکردنی گشتی و وەرگرتنی خەولێخەرە بەهێزەکاندا گرنگە ، لەوکاتەی ماسوولکەکانی دەوروبەری زمان و قورگت لەباری پشوودان دان و ڕەنگە ڕێڕەوی هەناسەدانت بگرن . پزیشکە سڕکەرەکە باشترین پلان دادەنێت بۆ ڕێگریکردن لەم بارودۆخە . ئەمە پێی دەوترێت 'کۆنترۆڵکردن'ی ڕێڕەوی هەوا.

## کردنەوەی ڕێڕەوی هەناسەدان




| | |
|---|---|
| أ | لێوی سەرەوە |
| ب | چەناگە |
| پ | زمان |
| ت | بۆشایی لوت |
| ج | پشتەوەی مەڵاشوو |
| چ | زمانە بچکۆلە |
| ح | ڕێڕەوی هەوا |

## ڕێڕەوی هەوای نیمچەداخراو




| | |
|---|---|
| أ | لێوی سەرەوە |
| ب | چەناگە |
| پ | زمان |
| ت | بۆشایی لوت |
| ج | پشتەوەی مەڵاشوو |
| چ | زمانە بچکۆلە |
| ح | زمان هاتوچۆی هەوا دادەخات |

## چۆن پزیشکەکانی سڕکردن 'کۆنترۆڵ'ی ڕێڕەوی هەناسە دەکەن

گرنگترین گاز کە پێتدەدرێت ئۆکسجینە. پێش ئەوەی سڕکردنەکە دەستپێبکات پێدەچێت داوات لێبکرێت ئۆکسجین لە ماسکێکی پلاستیکی یان بۆریەکی پلاستیکی نەرمەوە لەڕێگەی کونەلوتەکانتەوە هەڵبمژیت. ئەمەش ئۆکسجینی زیاتر دەداتە سیەکانت پێش ئەوەی سڕکردنەکە دەستپێبکات.

پزیشکە سڕکەرەکان شێواز و ئامێری جیاواز بەکاردەهێنن بۆ یارمەتیدانیان لە کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی هەوادا. ئەمانەش دەگۆڕێن بە پێی هەڵبژاردنەکانیان، بەپێی تۆ وەک نەخۆشێک و لەسەر جۆری ئەو نەشتەرگەریەکەی بۆت دەکرێت.

چەند جۆرێکی جیاواز لە بۆری هەیە کە یان لەناو دەمدا دادەنرێت یان دەخرێتە ناو قورگ یان بۆری هەواوە، بۆ کردنەوەی ڕێڕەوی هەوا و ڕێگەپێدان بە ئۆکسجیین و گازە بێهۆشکەرەکان بۆی بە ئاسانی بگەن بە سیەکان. بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم ئامێرانە دادەنرێن کاتێک خەوت لێدەکەوێت (یان بە قوڵی سڕ دەبیت) بۆئەوەی لە دانان و بەکارهێنانیان هیچ ئاگادارنەبیت و زانیاریت نەبێت . کرداری جێگیرکردنی بۆریک بۆناو بۆری هەوات پێی دەوترێت 'tracheal intubation' واتە جێگیرکردنی بۆری پلاستیکیەکە.

## پزیشکە سڕکەرەکان چۆن بۆری هەوات هەڵدەسەنگێنن

پێش ئەوەی سڕکردنت پێبدەن، پزیشکە سڕکەرەکەت یان ئەندامێک لە تیمەکەیان چەند پرسیارێکی هەمەجۆرت لێدەکەن بۆ ئەوەی باشترین پلان بۆ بێهۆشکردنەکەت و کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی هەوات جێبەجێبکرێت. ئەگەر پێشتر لەسەر ئاستەنگیەکانی کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی هەوا و هەناسەدانت ئاگادارکراویتەوە، ئەوە پێویستە پزیشکە سڕکەرەکەت ئاگاداربکەیتەوە. ئەوان سەیری تۆماری سڕکردنەکانی پێشووترت دەکەن ئەگەر بەردەستبن.

هەروەها پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی حاڵەتە تەندروستییە پەیوەندیدارەکانی وەک ڕەقبوونی مل و وەستانی کاتیی هەناسەدان لە خەو و دڵەکزێ دەکەن.

دەکرێت پزیشکە سڕکەرەکەت چەند پشکنینێکی کەم بکات بۆ ئەوەی دیاریبکست چ جۆرێکی کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی هەناسەدان گونجاوە بۆ بارودۆخەکەت. بۆ نمونە:

- زۆرجار توانای کردنەوەی فراوانی دەمت دەپشکنن و تەماشای دواوەی قورگت دەکەن
- لەوانەیە داوات لێ بکەن کە شەویلگەی خوارەوەت بۆ پێشەوە بجوڵێنیت یاخود لێوی سەرەوەت بگەزیت
- ئەگەر هەر گەورەبونێک یان هەڵاوسانێک لە ڕێڕەوی هەناسەدانت یان گەردنت هەبوو، ئەوا سەیری هەر سۆنەرێک یاخود تیشکێکی تەنووری دەکەن کە پێشتر بۆت کراوە
- هەروەها دەکرێت تەماشای ناو لووتت بکەن بە بەکارهێنانی کامێرایەکی نەرم. ئەمە بێئازارە .





## مەترسی و ڕووداوە باوەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی ڕێڕەوی هەناسەدان

خەڵک جیاوازن لە چۆنیەتی لێکدانەوەی وشەکان و ژمارەکان. ئەم پێوانەیە بۆ یارمەتیدان دابین کراوە.




| زۆر باو | باو | ناباو | دەگمەن | زۆر دەگمەن |
|---|---|---|---|---|
| ١ لە ١٠ | ١ لە ١٠٠ | ١ لە ١٠٠٠ | ١ لە ١٠٠٠٠ | ١ لە ١٠٠٠٠٠ |
| یەک کەس لە خێزانەکەتدا | یەک کەس لەسەر شەقام | یەک کەس لە گوندێکدا | یەک کەس لە شارۆچکەیەکی بچووکدا | یەک کەس لە شارۆچکەیەکی گەورەدا |

### قورگ ئێشە

دانانی کەلوپەلی ڕێڕەوی هەناسەدان لە ناو قورگتدا دەکرێت ببێتە هۆی قورگ ئێشە دوای نەشتەرگەرییەکەت. ئەمە زۆر باوە.

### زیانگەشتن بە ددان و پێکانی زمان و لێوەکانت

مەترسیی زیانگەشتن بە ددانەکانت، لێوەکانت و زمانت هەیە لەکاتی دانانی یان لابردنی بۆریی هەناسەدانەکەدا. مەترسی ڕووودانی ئەمە زیاترە ئەگەر ددانەکانت ناسک بن، یان کیفی ددانت بۆ دانرابێت یان مامەڵە لەگەڵ ڕێڕەوی هەناسەدانت گران بێت. شینبوونەوەی کەم و قڵیشانی بچووکی لێوەکان یان زمان شتانی باون و لە ٢٠ سرکردندا، یەکێکیان ئەمانەی لێ دەکەوێتەوە. برینی بچووک ئاسایی خێرا چاکدەبنەوە. زیانگەشتنێک بە ددانەکان کە پێویست بە چارەسەر بکات ناباوە و لە ٤،٥٠٠ سرکردندا، تەنها لە ١ دانەیاندا زیان بە ددانی تەندروست دەگات.

### دانانی شکستخواردووی بۆریی هەناسەدان

هەرچەندە شتێکی باو نیە، بەڵام لەوانەیە هەندێک جار دانانی بۆرییەکی قورقوڕاگەیی لە بۆریی هەناسەدانتدا بۆ پزیشکە سڕکەرەکە قورس بێت یاخود مەحاڵ بێت. ئەمە پێی دەوترێت دانانی شکستخواردووی بۆریی هەناسەدان. ئەگەر ئەمە ڕوویدا، ئەوا لەوانەیە پێویست بکات پزیشکە سڕکەرەکە بەخەبەرت بێنێت و نەشتەرگەرییەکە دوابخات. دانانی شکستخواردووی بۆریی هەناسەدان لە ٢٠،٠٠٠ سرکردندا، بۆ نەشتەرگەریی نەخشەبۆدارێژراو، تەنها لە ١ دانەیاندا ڕوودەدات. ئەمە لە نەشتەرگەریی لەناکاودا باوترە و بگرە لە نەخۆشە دووگیانەکاندا کە سرکردنی لەناکاوی بۆ دەکرێت ڕێژەکە بەرزترە، کە لە ٣٠٠ سرکردندا یەکێکیان ئەم حاڵەتەی لێ دەکەوێتەوە.

### کێشەی مەترسیدار

لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا، کێشەی مەترسیدار ڕوودەدات بەهۆی بوونی کێشە لە ڕێڕەوی هەناسەدانی نەخۆشەکاندا.

یەکێک لە هۆکارەکان دەکرێت گەڕانەوەی ناوەڕۆکی گەدە بێت بۆ ناو سییەکان. ئەمە پێی دەوترێت 'هەڵمژینی تەنی نامۆ' بۆ کەمکردنەوەی ئەم مەترسییە، نەخۆشەکان بەبەردەوامی ڕێنمایی دەکرێن کە پێش شەش کاژێر لە نەشتەرگەری دەست لە خواردن هەڵبگرن و هەندێکیشیان خەپلە (حەب)یان پێدەدرێت بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی ترشی گەدە.

هەرچەندە زۆر دەگمەنە، بەڵام دەکرێت هەندێک کێشە بۆ مردن، زیانگەشتن بە مێشک و داخڵکردنی لەناکاو بۆ چاودێری چڕ سەربکێشن.

ساڵی ٢٠١١ لە توێژینەوەیەکدا لە شانشینی یەکگرتوو ئەوەی دەرخست، لە ١٦،٠٠٠ سڕکردندا یەک دانەیان کێشەی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە.

### وریایی لەناکاو لە ماوەی سڕکردنی گشتیدا

وریایی حاڵەتێکە کە تێیدا بەهۆشتدێتەوە لە کاتێکدا دەبێت خەوتووبیت. ئەمە حاڵەتێکی دەگمەنە، لە ٢٠،٠٠٠ سڕکردندا تەنها یەکێکیان ئەمەی لێ دەکەوێتەوە.

وریایی زیاتر لە سەرەتای سڕکردن و بەهۆشخۆهاتنەوەدا باوە. ئەگەر مامەڵە لەگەڵ ڕێڕەوی هەناسەدانت گران بێت ئەوا ئەگەری وریایی زیاترە لەماوەی ئەم کاتەدا.

### ئەوەی دەتوانیت بیکەیت کەمکردنەوەی مەترسییەکانە

#### ددانەکان

دڵنیابەرەوە لەوەی ددانەکانت و هەر کارێکی دانسازیت بۆ کراوە وەک کیفی ددان یاخود ددانی دەستکرد پارێزراو و تەندروستە پێش بەکارهێنانی سڕکەر (بەنج) (سەردانی دانسازێک بکە ئەگەر پێویستی کرد). ئەمە مەترسیی زیانپێگەشتنیان کەمدەکاتەوە، هەروەک چۆن مەترسیی لەقبوونی یەکێک لە ددانەکان و کەوتنی بۆ ناو ڕێڕەوی هەناسەدان کەمدەکاتەوە.

#### خۆ برسیکردن و چارەسەری پێشوەختە بۆ ڕێگرتن لە هەڵمژینی تەنی نامۆ بۆ ڕێڕەوی هەناسەدان

شوێن هەر ڕێنماییەک بکەوە کە پێت دەدرێت دەربارەی ئەوەی کەی پێویستە لە خواردن و خواردنەوە بوەستیت پێش سڕکردن. ئاسایی بۆ خواردن شەش کاژێرە و بۆ ئاویش دوو کاژێرە. هەروەها پێویستە هەر چارەسەرێک کە لەلایەن پزیشکی سڕکەرەوە دەنوسرێت بۆت بەکاریبهێنیت بۆ کەمکردنەوەی مەترسی هەڵمژینی تەنی نامۆ.

#### وەستانی کاتیی هەناسەدان لە خەودا (OSA)

ئەگەر پچڕانی کاتیی هەناسەدانت لە خەودا هەیە، ئەوا دەتخاتە بەر مەترسییەکی گەورەتری قورسیی هەناسەدان و پێویستت بەوە دەبێت لە نزیکەوە چاودێریبکرێیت پاش سڕکردن. لەوانەیە پێویست بکات لانی کەم شەوێک لە نەخۆشخانە بخەوێنرێیت، تەنانەت ئەگەر بۆ ڕێکاری بچووکیش بێت. ئەگەر ئامێری هەناسەدانی (CPAP)ت بۆ پچڕانی کاتیی هەناسەدان لە خەودا هەیە، لەگەڵ خۆت بۆ نەخۆشخانەی بهێنە. بەزۆری لە کاتی بەهۆشخۆهاتنەوە دوای سڕکردن بەکاریدەهێنیت.

#### ڕیش و مووی ڕوخسار

ڕیشی پڕ چاودێریکردنی ڕێڕەوی هەناسەت قورستر دەکات و لە هەمان کاتدا ماسک بە ڕێکوپێکی لەسەر ڕووخسارت ناوەستێت. تەنککردنەوە یان تاشینی ڕیشت یارمەتیدەر دەبێت. دەکرێت پزیشکە سڕکەرەکەت داوای تاشینی تەواوەتیت لێبکات.

#### هەڵبژاردەی نەخۆش

لە ئەگەری بوونی هەر گرانییەک لە چاودێریکردنی ڕێڕەوی هەناسەدانت، پێویستە پزیشکە سڕکەرەکەت ڕوونکردنەوەیەکی تەواوت پێشکەشبکات و هەر بژاردەیەک بۆ چاودێریکردنی ڕێڕەوی هەناسەدانت لەگەڵ تاوتوێبکات.

# قورسیی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێڕەوی هەناسەدان

## ئەم بەشە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە چی ڕوودەدات ئەگەر چاودێریکردنی ڕێڕەوی هەناسەدانت پێویستی بە نەخشەڕێژی و ئامادەکاریی زیاتر هەبێت.

### چی دەبێتە هۆی گرانیی مامەڵە لەگەڵ ڕێڕەوی هەناسەدان

چەند هۆکارێک هەن، بە تەنها یاخود پێکەوە ئەوە دەردەخەن کە بەڕێوەبردنی هەناسەدانت دەکرێت قورس بێت. ئەمە مانای ئەوەیە کە بۆی هەیە پزیشکی سڕکەر ئامێر یاخود تەکنیکی تایبەتتر لەپێش یان لەکاتی سڕکردندا بەکاربهێنێت.

دەکرێت هەندێک هۆکار پەیوەندیان بە شێوە و دۆخی شەویلگە و گەردنتەوە هەبێت، بۆ نمونە:

- قورسی لە کردنەوەی دەمتدا
- ددانی لەقبوو
- بچووکیی شەویلگەی خواروو
- ڕیشی زۆر و پڕ
- پێکان یاخود هەڵاوسانی ڕێڕەوی هەناسەدان (دەم، شەویلگە، قورگ، گەردن).

هۆکارەکانی دیکە دەکرێت پەیوەندییان بە دۆخی پزیشکی یان چارەسەری پزیشکیی پێشووەوە هەبێت:

- قەڵەوی
- وەستانی کاتیی هەناسەدان لە خەودا (OSA)
- گەڕانەوەی ناوەڕۆکی گەدە بۆ سورێنچک یان ڕشانەوە
- دووگیانی
- ڕۆماتیزمی جومگە

- لوو یان هەر بارستەیەکی دیکە لە ڕێڕەوی هەناسەداندا (شێرپەنجەیی و ناشێرپەنجەیی)
- تیشکەچارەگەری بۆ سەرت یان گەردنت
- مێژوویەکی پەشێوی بەهۆی سڕکردنێکی پێشووتر.

## پزیشکانی سڕکەر چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاستەنگ لە ڕێڕەوی هەناسەدان دەکەن

بە پشتبەستن بە خەمڵاندنەکانیان و ئەنجامەکانی هەر پشکنینێک، پزیشکە سڕکەرەکەت باشترین شێواز هەڵدەبژێرێت بۆ بەڕێوەبردنی ڕێڕەوی هەناسەدانت. ئەگەر پزیشکەکەت پێی وابوو دەکرێت بەڕێوەبردنی ڕێڕەوی هەناسەدانت دەستتێوەردانی زیادە بخوازێت، ئەوا ئەو بژاردانەت لەگەڵ تاوتوێدەکەن کە لەبەردەستدان بۆ ئەوەی لە ماوەی نەشتەرگەرییەکەدا بە سەلامەتی بمێنیتەوە.

## دانانی بۆریی پلاستیکی قوڕقوڕاگەیی بە ئاگایی یاخود خەوتوویی

ئەم حاڵەتە هەرچەندە دەگمەنە، بەڵام لە هەر ئەگەرێکی بوونی دژوارییە لە دانانی بۆرییەکە بە ڕێگەی ئاسایی، ئەوا پزیشکی سڕکەر لەوانەیە پێشنیاری دانانی بەئاگایی یان خەوتوویی بکات. لەم حاڵەتەدا بۆرییەکە دەخرێتە قوڕقوڕاگەتەوە لە کاتێکدا بەخەبەریت یاخود خەوتوویت. بەم شێوەیە ئەگەر دانانی بۆرییەکە گران بوو یاخود شکستیهێنا، ئەوا دەوەستن و تۆیش بەردەوامدەبیت لە هەناسەدانی ئاسایی. ئەگەر خەواندن بەکارهات، لەوانەیە بیرەوەرییەکی کەمت هەبێت دەربارەی ڕێکارەکە.

دانانی بۆریی پلاستیکی قوڕقەڕاگەیی لە ژووری سڕکردن یان ژووری نەشتەرگەریدا جێبەجێدەکرێت. پزیشکە سڕکەرەکەت بە چەند ئامێرێکی هەمەجۆرت دەگەیەنێت بۆ چاودێریکردنی فشاری خوێن، چالاکی دڵ و ئاستی ئۆکسجین. وەک هەر سڕکردنێکی دیکە، کانۆلایەک (بۆرییەکی پلاستیکیی تەنکە کە دەرمانی لەڕێگەوە دەکرێتە خوێنەوە) لەسەر دەستت یان قۆڵت دەبەستن. هەروەها لەڕێگەی ماسکێکەوە یان بۆرییەکی پلاستیکیی نەرمەوە لە کونە لووتەکانتدا ئۆکسجینت پێ دەدرێت.

پزیشکە سڕکەرەکەت بە وریاییەوە چەند جارێک سڕکردنی جێگەیی لەڕێگەی سپرایەکەوە دەپرژێنێتە لووتت، دەمت و قوڕگت تاکو سڕیانبکات. دەکرێت سڕکردنە جێگەییەکە ببێتە هۆی کۆکین و کاربکاتە سەر توانای قووتدانت. ئەمە ئاساییە و پزیشکە سڕکەرەکەت ئاگای لە سەلامەتیت دەبێت.

هەر ئەوەندەی ناوچەکە سڕبوو، پزیشکە سڕکەرەکەت بۆرییەکی نەرم بە کامێرایەکەوە دەنێرێتە ناو دەمت یان لووتت. ئەمە بۆریی هەناسەدانەکە بەرەو بۆریی هەوا ئاراستەدەکات. هەر کە بۆریی هەناسەدانەکە چووە شوێنی خۆی، پزیشکە سڕکەرەکەت دەستدەکات بە سڕکردنە گشتییەکە و بێهۆشدەبیت.

لێرەدا لە پێگەی (Difficult Airway Society (DAS)) گرتەی نەخۆشێک بەردەستە کە دانانی بۆریی پلاستیکی قوڕقوڕاگەیی بۆ دەکرێت: http://bit.ly/DAS-AFI_video

لەوانەیە پاش بەهۆشخۆهاتنەوە، دەمت و قوڕگت هێشتا سڕبن بۆ ماوەیەک، ئەمە دەکەوێتە سەر درێژی نەشتەرگەرییەکە. دەکرێت ڕێنمایی بکرێیت کە بۆ ماوەی دوو کاژێر هیچ نەخۆیت و نەخۆیتەوە بۆ ڕێگریکردن لە خنکان.

## کارتی ئاگادارکردنەوەی گرانیی مامەڵە لەگەڵ ڕێڕەوی هەناسەدان

ئەگەر پزیشکە سڕکەرەکەت پێی وابوو کە لە داهاتوودا ڕێڕەوی هەناسەدانت پێویستی بە ڕێکاری تایبەت هەیە، یان قورسیی گەورە لە بەڕێوەبردنی بۆریی هەناسەدانت هەبوو، ئەوا ئاسایی 'کارتێکی گرانیی مامەڵە لەگەڵ ڕێڕەوی هەناسەدان' یاخود فۆرمێکت بۆ پڕدەکەنەوە. پێویستە ئەم فۆرمە لەگەڵ خۆت بۆ هەر چاوپێکەوتنێکی پزیشک لە داهاتوودا ببەیت، بەم شێوەیە لە داهاتوودا ئەو پزیشکە سڕکەرانەی چاودێریت دەکەن ئاگاداری قورسییەکان دەبن و دەتوانن نەخشەڕێژی بۆ سڕکردنی داهاتووت بکەن. کارێکی بەسوود دەبێت ئەگەر ئەم کارتە پێشانی پزیشکی خێزان بدەیت تاکو ئەوە بیشکێنێت کە ئەم زانیارییە لە تۆمارەکانتدا هەیە.

پێگەی (DAS) پێکهاتووە لە گرووپێک لە پزیشکی سڕکەر بە گرنگیدانێکی تایبەتەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێڕەوی هەناسەدان. هەر لە پێگەی DAS سەرچاوەی زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕێڕەوی هەناسەدان بەردەستە: www.das.uk.com/patient_education

هەموو هەوڵی ئێمە ئەوەیە زانیارییەکانی ناو ئەم بروشورە بێ هەڵە و نوێ بن، بەڵام ناتوانین دڵنیایی لەم بارەیەوە بدەین. ئێمە پێشبینی ئەوە ناکەین ئەم زانیارییە گشتیانە وڵامدەرەوەی هەموو پرسیارێکتان بن و هەڵگری هەموو ئەو شتانەی بۆ ئێوە گرینگن. باشتر وایە بڕیارەکانتان و هەر جۆرە نیگەرانییەکتان بە تیمی پزیشکیی خۆتان ڕابگەیەنن و ئەم بروشورە وەك ڕێنوێنێك بەکار بێنن. ئەم بروشورە باشترە وەك تاکە سەرچاوەی ئامۆژگاری لەبەر چاو نەگیرێت. نابێت بۆ مەبەستی تیجاری و پیشەیی بەکار بهێنرێت. بۆ ئاشکراکردنی تەواوەتی، تکایە کرتەیەك لێرە
(www.rcoa.ac.uk/patient-information/translations/sorani) بکەن.

هەموو وەرگێڕانەکان لەلایەن گرووپی «وەرگێڕانی بێسنوور» ئامادەدەکرێن و تێکستەکان لە رووی کوالیتییەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی تا ئەو جێیەی بکرێت بێ هەڵە بن، بەڵام دیسان ئەگەری ئەوە هەیە هەندێکیان هەڵەیان تێدا بێت یان زانیارییەکان بە درووستی وەرنەگێڕدرێنەوە.

# پێمان بڵێ بۆچوونت چییە

ئێمە پێشوازی لە پێشنیارەکان دەکەین بۆ باشترکردنی نامیلکەکە.

ئەگەر خوازیاریت هەر کۆمێنتێک یان لێدوانێک بدەیت تکایە بە ئیمەیل بۆیان بنێرە لە ڕێگەی
patientinformation@rcoa.ac.uk

کۆلێژی شاهانەی سڕکردن
چەرچڵ هاوس، مەیدانی شێری سور ٣٥، لەندەن WC1R 4SG
٠٢٠ ٧٠٩٢ ١٥٠٠

## www.rcoa.ac.uk

چاپی یەکەم، شوباتی ٢٠٢٠
پێداچوونەوە بەم نامیلکەی ڕێنماییەدا دەکرێت دوای سێ ساڵ لە دەرچوونییەوە.

کۆلێژی شاهانەی سڕکردن ٢٠٢٠
دەشێت ئەم نامیلکەیە بە مەبەستی زانیاری بەخشین بە نەخۆشەکان کۆپی بکرێت. تکایە ئەم سەرچاوە سەرەکیە بنوسە. ئەگەر دەخوازیت بەشێک لەم نامیلکەیە لە بڵاوکراوەیەکی دیکەدا بەکاربهێنیت، ئەوا دەبێت زانیاریی بدەیت و لۆگۆ و وێنەکان بسڕدرێنەوە. بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن.